مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# العمليات المورفولوجية ودورها في توفير المصطلحات العلمية في المناهج الدراسية (جهود أولية)

م. بحرى لطيف يحيى
كلية التربية، جامعة سوران، أربيل، العراق
Bahri.yahay@soran.edu.iq
أ.د. قيس كاكل توفيق
كلية الاداب، جامعة سوران، أربيل، العراق
qais.kakl@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: العمليات الصرفية، تكوين الكلمات، الإنتاجية الصرفية، المصطلحات العلمية.

**كيفية اقتباس البحث**

يحيى , بحرى لطيف , قيس كاكل توفيق , العمليات المورفولوجية ودورها في توفير المصطلحات العلمية في المناهج الدراسية (جهود أولية),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦ , المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

# Morphological Processes and Their Role in Providing Scientific Terminology in Curricula( Preliminary Efforts)

**Bahri Latif Yahya**
**College of Education, Soran University, Erbil, Iraq**
**Bahri.yahay@soran.edu.iq**
**Prof. Dr. Qais Kakl Tawfiq**
**College of Arts, Soran University, Erbil, Iraq**
**qais.kakl@soran.edu.iq**

**Keywords** : morphological processes, word formation, morphological productivity, scientific terminology.

**How To Cite This Article**
Yahya , Bahri Latif ,Qais Kakl Tawfiq ,Morphological Processes and Their Role in Providing Scientific Terminology in Curricula )Preliminary Efforts( ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**ملخص**
تعتمد تجربة تدريس المواد العلمية باللغة الكردية على معارف ونتاجات فكرية وخبراتية من مختلف شعوب العالم، وقد بدأت الخطوات الأولى في هذا المجال من خلال ترجمة المصطلحات العلمية إلى مناهج دراسية.

عنوان هذه الورقة البحثية: **(العمليات الصرفية ودورها في توفير المصطلحات العلمية للمناهج الدراسية - جهود تمهيدية)**. يهدف هذا البحث بشكل أساسي إلى عرض مدى استخدام العمليات الصرفية في المناهج الدراسية، مع التركيز على الجهود الأولية لتطوير وتوفير المصطلحات العلمية فيها. ويعتمد البحث على منهجية كمية للحصول على بيانات دقيقة، كما يركز على عرض نقاط القوة والضعف في العمليات المستخدمة ضمن إطار مبدأ الإنتاجية.

يتناول سؤال البحث قياس العمليات المهمة المستخدمة، وما هو اتجاه انخفاض الإنتاج؟ وبالاستناد إلى معرفة العمليات المستخدمة في اللغة الكردية، لا سيما في توفير مصطلحات المناهج الدراسية، مع التفسير الصرفي وتحليل تدفق الكلمات، ومحاولة عرض معدل اتباع هذه العمليات، يمكننا تحديد العمليات النشطة والمنتجة، والعمليات البطيئة والنادرة.

تتألف هذه الورقة من مقدمة وجزأين. في الجزء الأول، ناقشنا المفردات، التي تُعدّ من أهمّ عناصر علم الصرف. ثمّ تناولنا العمليات المعجمية الإنتاجية وغير الإنتاجية. ويُشكّل اتجاه التكوين المعجمي الإنتاجي وغير الإنتاجي المخطط الرئيسي في تحليل المفردات من منظور المصطلحات. في هذا القسم، نناقش العمليات الصرفية بالتفصيل (كورتمان).
وقد شكّل هذا التقسيم الإطار النظري للدراسة. أما الجزء الثاني، فيُخصّص للتفسير والتحليل الإحصائي للعمليات الصرفية من حيث نشاطها وبطئها في عملية المصطلحات، وأخيرًا، نعرض النتائج وقائمة المصادر.

Abstract
The experience of teaching scientific subjects in Kurdish depends on the knowledge and products of thought and experience of different nations of the world, but the first steps have been taken through translation into the curriculum.
The title of the paper is Morphological Processes and Their Role in Providing Scientific Terminology for Curricula – Preliminary Efforts. The main purpose of this study is to present the extent of the use of morphological processes in the curriculum, which is dedicated to the initial efforts to develop and provide scientific terminology in the curriculum presents. What is followed in this study is a more quantitative implementation method, in order to obtain accurate data, and presenting the activity and weakness of the processes used within the framework of the productivity principle has become the agenda of the research .
The paper consists of an introduction and two parts. In the first part, we discussed vocabulary, which is considered one of the most important parts of morphology. Next, we discuss the productive and unproductive lexical processes. The direction of productive and unproductive lexicalization becomes the main schema in the analysis of lexical adgars in terms of terminology. In this section, we discuss morphological processes in detail This division became the theoretical framework of the study. The second part is devoted to the statistical interpretation and analysis of morphological processes in terms of their activity and slowness in the process of terminology, and finally the results and a list of sources are presented.

## پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و ڕۆڵیان لە دابینکردنی زاراوەی زانستی پرۆگرامەکانی خوێندندا (هەوڵە بەراییەکان)

(شیکردنەوەیەکی وشەڕۆنانییە)

م.ی. بحری لطیف یحیی
فاکەلتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق
Bahri.yahay@soran.edu.iq
پ.د. قیس کاکل تۆفیق
فاکەلتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق
qais.kakl@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەزموونی خوێندنی بابەتە زانستییەکان بە زمانی کوردی پەیوەستە بە کۆی زانیارییەکان و بەرهەمی بیرکردنەوە و ئەزموونی گەلانی جیاوازی ئەم جیهانە، بەڵام هەنگاوە بەراییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە

خزاوەتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن، هاوکات خوێندن بە زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا لە باشوری کوردستان لە پێشترە بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیدا.

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و رۆڵیان لە دابینکردنی زاراوەی زانستی پرۆگرامەکانی خوێندندا – هەوڵە بەراییەکان)ە. مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە خستنەڕووی رادەی بەکارهێنانی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانە لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندندا، کە تایبەت کراوە بەو هەوڵە سەرەتاییانەی، کە لە پێناو دارشتن و دابینکردنی زاراوەی زانستی نێو پرۆگرامەکانی خوێندندا دراون، لە چوارچێوەی تیۆریشدا پشت بە دابەشکردنی پرۆسەکانی وشەرۆنان لەلایەن (کۆرتمان)ەوە بەستراوە، کە دوو ئاراستەی سەرەکی پرۆسەکان بە بنەمایی پڕبەرهەمی و کەم بەرهەمی دەخاتەڕوو. ئەوەی لەم توێژینەوە پەیرەوکراوە، شێوازی جێبەجێکردنی پتر بەرەو رووی چەندێتییەوەیە، ئەمەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتایەکی دروستە، هەروەها خستەڕووی چالاکی و سستیی پرۆسە بەکارهاتووەکان لە چوارچێوەی بنەمای بەرهەمدارییەوە بۆتە ئەجەندای کارکردنی توێژینەوەکە.

**وشە سەرەکییەکان:** پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، وشەرۆنان، بەرهەمداری مۆرفۆلۆژی، زاراوەی زانستی.

١- پێشەکی

**١-١: ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و رۆڵیان لە دابینکردنی زاراوەی زانستی پرۆگرامەکانی خوێندندا - هەوڵە بەراییەکان)ە.

**١–٢: رێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا (رێبازی وەسفیی داتایانە) بەکارهێنراوە، بە مەبەستی نیشاندانی رووە چالاکی و سستەکانی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە قۆناغی ئاماژە پێکراودا، هەروەها لە چوارچێوەی تیۆریشدا پشت بە دابەشکردنی پرۆسەکانی وشەرۆنان لەلایەن (کۆرتمان)ەوە بەستراوە، کە دوو ئاراستەی سەرەکی پرۆسەکان بە بنەمای بەرهەمداری دەخاتەڕوو.

**١-٣: سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە:** سنوری ئەم کارە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدایە، کە تایبەت کراوە بە شیکردنەوەیەکی وشەرۆنانیانە، کەرەستە و نموونەکان لەو (کتێبە زانستییانە)[1]ی وەک پرۆگرامی خوێندن لە ساڵی ١٩٢٨ تاکو ١٩٥٨ لە قوتابخانە کوردییەکان خوێندراون و بەکارهێنراون.

**١-٤: هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی توێژینەوەکە:** لەبەرئەوەی لە رەوتی رۆنانی زاراوەسازیدا وشەرۆنان و پرۆسەکانی بایەخێکی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی هەر زمانێکدا هەیە، وشەی زۆر لە رێگای ئەم پرۆسانە دروستدەبن، هەروەها پەیرەوکردنی ئەم شێوازە، کە لێکدانەوەیە بۆ پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی، لە نێویشیاندا پرۆسەکان بە ئاراستەی پڕبەرهەمی و کەم بەرهەمییە، بۆیە ئەم بابەتە دەکەینە کەرەستەی توێژینەوەکەمان، گرنگیی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە، کەوا ئاشنامان دەکات بە تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە قۆناغە بەراییەکان، بەم کارەش دەتوانرێت ئاورێک لە رابردووی گەشەسەندنی زمانی کوردی لە بواری زمانی زانستی بدرێتەوە، بەتایبەت تیشک دەخرێتەسەر هەنگاوەکانی دابینکردنی زاراوەی زانستی لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندندا.

١- ٥: **پرسیاری توێژینەوەکە:** پرسیاری توێژینەوەکە بەو پێودانگەوە کاردەکات، کە کام پرۆسە بەرچاوانە بەکاردێت؟ کامیان ئاراستەی بەرهەمهێنانی بەرەوە کەمی دەچێت؟ گریمانەی زانینی پرۆسە بەکارهاتووەکانی زمانی کوردی و بەتایبەتی لە دابینکردنی زاراوەکانی پرۆگرامەکانی خوێندندا، لەگەڵ لێکدانەوە و شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانە بۆ رۆنانی وشە، هەوڵدان بۆ خستنەڕووی رێژەی پەیرەوکردنی پرۆسەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە کام لە پرۆسەکان چالاک و بەبەرهەم بووە؟ کامیان سست و دەگمەن بووە؟

---

١. ئەم رەوتە سەرەتاییە هەتا بەرپابوونی شۆرشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ بەردەوام دەبێت. لەم باسەدا وەک هەنگاوی یەکەم (٤٣) پرۆگرام (گشتیان سەرەتایی) لەخۆ دەگرێت، لە کۆی پرۆگرامەکاندا تەنها (٩) پرۆگرامی زانستی لە بابەتە زانستە پەتییەکان بەکارهێنراون.[1]

١-٦: **ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە لە بەشی یەکەمدا باسمان لە وشەڕۆنان کردووە، کە بە یەکێک لە بەشە هەرە گرنگەکانی مۆرفۆلۆژی هەژماردەکرێت. دواتر لە پرۆسەکانی وشەڕۆنان لەسەر بنەمای بەبەرهەمی و بێبەرهەمی دواوین، ئاراستەی وشەڕۆنان لەسەر بنەمای بەبەرهەمی و بێبەرهەمی دەبێت بە سکێمای سەرەکی لە شیکردنەوەی ئەدگارە وشەڕۆنانییەکان لە باری زاراوەسازیدا، هەر لەم بەشەدا بە وردی لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان دواین، بە وردبوونەمان لەو پۆلینانەی ئەم دواییانەدا، کە یەکێکیان (کۆرتمان)ە، ئەم دابەشکردنەش بوو بە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئامارایانەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە روانگەی چالاکی و سستی بەکارهێنانیان لە ڕەوتی زاراوەسازیدا، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

٢- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

پێکهاتەو شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانەی وشەڕۆنان لە مۆرفۆلۆژیدا

٢-١ شیکردنەوەی ئەدگارە مۆرفۆلۆژییەکان

شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانە زیاتر بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو کاریگەرییانەی دێت، کە پێکهاتەکانی وشە لەسەر یەکتری هەیانە، هەروەها بە تیشکخستنەسەر هەندێک لایەنی پەیوەندی وشەکان و دارشتنی دیاردە و یاسای ڕۆنانی وشەکان و خستنەڕووی ئەو گۆڕانکارییانە کە بەسەر وشە و مۆرفیمەکاندا دێن، ئەمانەش بەرجەستە دەبن لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، مۆرفۆلۆژیش وەک لقێکی زانستی زمان لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە و پەسندییان دەکات، کەواتە "مۆرفۆلۆژی بریتییە لە توێژینەوە لە بارەی پەیوەندی پێرەوبەندی نێوان فۆرم و واتای وشەکان" (Haspelmath, 2002: 2)، یاخود "ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتەی ناوەکی وشەکان و ئەو یاسایەنەی کە وشەکانی لێ دروستبووە دەکۆڵێتەوە" (Fromikin, 2011: 41)، هەروەها مۆرفۆلۆژی یەکێکە لەو وێستگانەی، کە فۆڕمی نوێ بۆ واتای نوێ بەرهەمدەهێنێت، یاخود "مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوەگرێدانی (خستنەتەکیەک و خستنەپاڵیەکی) گونجاوی مۆرفیمەکان بۆ بەدەستخستنی وشەکان" (محەمەدی مەحوی، ٢٠٢١: ١).

هەر لەم بارەدا دەتوانرێت وا لە مۆرفۆلۆژی بدوێین، کە "مۆرفۆلۆژی نیشاندانی دروستەی ناوەوەی وشەکان بەکاری سەرەکی خۆی دەزانێت، هەروەها باسی پێکهاتن و دارشتنی وشە و کەرەستە بەندەکانی زمان دەکات، لە ڕووی یاسای پێکهاتن و گۆڕانی شێوەیانەوە لە ئەنجامی دروستبووندا (اران کلباسی، ١٣٨٠: ٢٠-٢١). ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم ئارستەوە بێت "مۆرفۆلۆژی لە وشە دەکۆڵێتەوە لەڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە، واتە ئەو وشانەی لە زماندا هەن، بە چ یاسایەک پێکهاتوون و ئەو گۆڕانکاریانە چین، کە لەڕووی مێژووییەوە بەسەریاندا هاتوون (شەهاب شێخ تەیب، ٢٠٢٣: ٢٣٨). ئەوەی جێگەی تێرامان و تیشک خستنەسەرە ئەوەیە، ئایا فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان، جا چ لێکدان بێت، یان دارشتن و داهێنراوبن لەلایەن ئاخێوەری زمانەوە بەرهەم دەهێنرێت؟ یان دروست دەکرێت؟ هەر لە ڕێگای ئەدگارەکانی مۆرفۆلۆژییەوە وەڵامی ئەوەمان دەست دەکەوێت، کە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان لە هەر ئاستێکدابن (ئاستەکان مەبەستمان پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانە)، یان لە هەر نواندنێکی مۆرفۆلۆژی دابن پرۆسەیەکی وشەڕۆنانن، یاخود ئاخێوەری زمان، تەنها مامەڵە لەگەڵ دیوی دەرەوەی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژی لێکدراو، یان هەڵگوێزراودا دەکات؟

٢-٢ هێنانەئارای زاراوەکان لە ڕێگەی مۆرفۆلۆژییەوە

لە زماندا گۆڕانکاریەکی بەردەوام لە ئارادایە، بە هۆکاری پێشکەوتنە خێراکانی زانست و داهێنانە تازەکانەوە، ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییە بەردەوامانەی ژیان لە ڕووی پێداویستییەکانی ڕۆژانە و کەرەستە و بیرە نوێیەکان، بێگومان پێویستی بەهاتنە ئارای وشەی نوێ دەبێت، لێرەدا گرنگە هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەرک و ئامانجەکانی مۆرفۆلۆژی بۆ دیاریکردنی مەودا و شوێنی هێنانەئارای

وشە و زاراوەی نوێ لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا، چونکە "مۆرفۆلۆژی وەک هەر زانستێکی تر، چەند ئەرک و ئامانجێکی هەیە، لەوانە: دەستنیشانکردنی کەرەستە هەرە خاوەکانی مۆرفۆلۆژی زمانەکە کە مۆرفیمەکانێتی. دەستنیشانکردنی یاساکانی دروستکردنی وشە" (شەهاب شێخ تەیب، ٢٠٢٣: ٢٤٣). دەشێ ئامانجی دووەمی مۆرفۆلۆژی ببێتە دەرهاوێشە و هێنانەئارای زاراوەکان لە هەر زمانێکدا، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی مۆرفۆلۆژییەوە چەندین یاسا بەکاردەهێنرێن و لێکیاندەداتەوە، چونکە مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەیە لە چۆنییەتی لێکدان و ڕیزبوونی مۆرفێمەکان لە فۆرمی وشەدا (Radford, 1997: 256)، یاخود "بریتییە لە توێژینەوەی لێکدانی مۆرفێمەکان بۆ بەرهەمهێنانی وشەکان" (Haspelmath, 2002: 3). بە ڕەچاوکردنی ئەم پێناسانەی مۆرفۆلۆژی و دابینکردنی هەندێک لە زاراوەکان بە "پەیڕەوکردنی یاساکانی دروستکردنی وشە، کە یەکێکە لە ڕێگە سەرەکییەکانی دروستکردنی زاراوە. لە ڕێگەی زانینی چۆنێتی دروستکردنی وشەکان و ڕیزبوونی پێکهاتەکانیانەوە دەتوانین زاراوەی نوێ لە زماندا دروست بکەین. بۆ دروستکردنی وشە و زاراوە دەبێت شارەزای پرۆسەی لکاندن و پرۆسەی لەیەکدانی زمانەکە بین (هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، ٢٠١٥: ٢٥).

بۆ نموونە: وشەی (نووسەر) ئەم وشەیە لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە لە ڕەگی کرداری سادە لەگەڵ پاشگری /-ەر/، بە لکاندنی هەردوو مۆرفیمەکە زاراوەیەک دروستبووە، کەواتە دەتوانین سوود لەم فۆرمە بۆ دارشتنی ناوی خاوەن پیشەیەک وەربگرین. " /نووسین/ کردارێکی سنوور دیاریکراوە، بۆیە دەکرێت لە کردارەکە خۆیەوە و بە یاریدەی پاشگری /-ەر/ ناوی خاوەن پیشە یان کەسە کاراکە دابڕێژرێت:/نووسەر/ " (نەرمین عومەر ئەحمەد: ٢٠١٠: ٨٢- ٨٣)، لە زمانی کوردیدا بەهەمان شێوەی ئەو فۆرمە ناوی خاوەن پیشەی تریش دارێژراوە، وەک: (دانەر، دەرهێنەر، داهێنەر، بێژەر، بینەر، ...)، بۆیە دەتوانرێت لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی /-ەر/ لەگەڵ ڕەگی کردار ناوی خاوەن پیشە دروست بکرێت. هەروەها دروستکردنی وشەی نوێ زۆرجار بە وەرگرتنی وشەکە بە ڕاستەوخۆیی لە زمانی بێگانەوە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە دارشتن یان لێکدانی وشە و مۆرفیمەکانەوە دێنەئاراوە، کەواتە بەکارهێنانی یاساکانی مۆرفۆلۆژی زمانەکە هۆکارە بۆ بەرهەمهێنانی چەندین وشەی نوێ و زاراوەی زانستی، بەڵام دەبێت بزانین هەموو یاساکان و وشەکانی زمان وەکیەک بەبەرهەم نین. کەواتە دروستکردن و داهێنانی وشەی نوێباو بە بەکارهێنانی یاسا جۆراوجۆرەکانی مۆرفۆلۆژیی، دەستنیشانکردنی یاساکانی دروستکردنی وشە و زاراوەکان ئاراستەکەی بەرەو چوارچێوەی زانستی وشەڕۆنانە.

٢-٣ وشەڕۆنان (word formation)

وشەڕۆنان بە یەکێک لە بەشە هەرە گرنگەکانی مۆرفۆلۆژی هەژماردەکرێت. وەک Marchand (1969) دەڵێ: ئەو لقەی زانستی زمانە، کە چاوەڕێی ئەو دیزاینەی لێ دەکرێت، بە شێوە و دارشتەیەکی تایبەت لێکسیمێکی نوێ سازبکات (Marchand - H, 1969: 2)، هەروەها بە گوێرەی (Matthews) وشەڕۆنان ئەو لقەی مۆرفۆلۆژییە، کە پەیوەندی نێوان لێکسیمی ئاڵۆز و وشەی بنجی دەردەخات (Matthews, 1991: 37)، لەگەڵ ئەوەشدا ((Rubba (2004) پێوایە؛ وشەڕۆنان مامەلە و هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێگاکانی دروستکردنی وشە تازە و نوێباوەکان دەکات ( Sardar Waria Omer Amin & Abdulmajid, 2020: 2). بەهەمان شێوەش (پلاگ) پێوایە؛ وشەڕۆنان وەک بەشێک و لایەنێکی گرنگی ئاستی مۆرفۆلۆژی هەژماردەکرێت (Plag, 2003: 2)، یاخود مەبەست لە وشەڕۆنان ئەو پرۆسانەن، کە لێکسیمێک یان تێکەڵبوونی چەند لێکسیمێک لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بە هۆیانەوە دەگۆڕدرێن بۆ وشە و لێکسیمێکی نوێ (Tridalaksana, 2014: 8).

بەتێڕوانینی (Müller et al) و هاوکارانی: پرۆسەی وشەڕۆنان وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکە لە جۆرەکانی داهێنان و دروستکردنی وشەکان و تێکەڵکردنی لێکسیمەکان، کە مەبەست لێی ئاماژەدانە بە باشترین ڕۆنان، هەروەها ئامانج لێی گشتاندنی باشترین یاساکانی دارشتنە لە ڕۆنان و بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێ (Müller et al, 2015: 1).

ئۆنیسکۆ و میشێل (Onysko & Michel) وا دەروانە وشەڕۆنان، کە وشەڕۆنان هەمیشە ئاستێکی ڕووکار بووە لە زمان، کە دەکەوێتە نێوان فەرهەنگ و ئاستی ڕستەسازی ( Onysko & Michel 29 :2010). هەروەها وشەڕۆنان لە ڕوانگەی یاسابەندێتی دروستکردنی دەربڕینە نوێکاندا ئاماژەی پێکراوە، کەواتە "وشەڕۆنان ئەو بەشەی زانستی زمانە، کە لە چۆنێتی پێکهاتن و یاسای دروستبوونی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە" (ئەورەحمان حاجی مارف، ١٩٧٧: ٢١). ئەگەر لەڕووی وشەڕۆنانەوە لە وشەی (خۆکرد) بڕوانین، لە دوو پێکهاتە ڕۆنراوە، کە (خۆ) وەک وشەیەکی ئەرکی و بەشێکی ناکاری و (کرد) وەک بەشێکی کاری دروستبووە. بەم شێوەیە وشەی (خۆکرد) وشەیەکی نوێیە و لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە، کە لە تواناییاندایە هەریەکەیان بەتەنیا بەشداری لە ڕۆنانی وشەی تردا بکەن (امیر محمد محمدامین، ٢٠١٦: ٤٧)، وەکو (خۆسەپێن، خۆویست، خۆکار، سەربەخۆ و مارخۆ، بخۆر، ...)، (دەستکرد، دەرکردە، کردار و هەڵکرد، ...).

کەواتە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی وشەڕۆنان لە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆژی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، هەروەها دیاریکردنی گشت بنەما و یاسا جۆراوجۆرەکانی ڕۆنانی وشەی تازە و نوێیاو هەر ڕووەو ئەم ئاستەوەیە، کە دەڵێن گشت بنەما و یاساکانی، مەبەست لێی جۆر و ژمارەی پرۆسەکان دەگرێتەوە.

## ٢-٤ پرۆسەکانی وشەڕۆنان **Word Formation Process**

پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی گشتی هەردوو پرۆسەی وشەدروستکردن ( compounding and derivation) و فۆرمە وشەدروستکردن (Inflection) دەگرێتەوە، کە دوو پرۆسەی سەرەکی وشەڕۆنانن (آزیتا افراشی، ١٣٨٨: ٨٤). واتە" پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بریتین لە پرۆسەی وشەدارشتن، کە هەڵگواستن و لەیەکدان دەگرێتەوە، هەروەها مۆرفۆلۆژی شکاندنەوە، کە لە سینتاکسدان. (نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠١٠: ٣٢). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، کە بەرامبەر بە پێکهاتەی سینتاکس و پرۆسەکانی لکاندنی لاگرە سینتاکسییەکانی (لاگرەکانی شکاندنەوە in flexional affixes)، کە بۆ گۆکردن و کاری سینتاکسیین، هەروەها لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدا / پرۆسەکانی دروستکردنی وشەی نوێ/ هەن، کە "پرۆسەکانی لێکدان" (بۆ وشەی لێکدراو) و " پرۆسەکانی لکاندن" (لاگرەکانی هەڵگواستن derivational affixes)ن (محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠: ٤٦). مۆرفۆلۆژیش، خاوەنی پێڕەوی زمانی تایبەت بە خۆیەتی و ئەم پێڕەوەش لە ڕێی چەند پرۆسەیەکەوە دروستدەبێت، کە پێیان دەوترێت پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، هەر لەمبارەیەوە (ingo plag, 2003) و (محمد عومەر عەول، ٢٠١٠)، بە هێلکارییەک پرۆسە سەرەکییەکانی مۆرفۆلۆژیان خستووەتەڕوو:

هێلکاری ژمارە (١)

پۆلینکردن و خستنەڕووی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان

مۆرفۆلۆژی (morphology)




کەواتە وەک لە هێلکارییەکەوە دەردەکەوێت، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بۆ هەردوو پرۆسەی (وشەدروستکردن) و (فۆرمە – وشەدروستکردن)، جیاکراونەتەوە، یەکەمیان (وشەدروستکردن)، هەردوو پرۆسەی (وشەدارشتن/ هەڵگواستن) و (لەیەکدان)، دەگرێتەوە، سەرباری ئەمانەش چەندین



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

پرۆسەی وشەڕۆنان لە ئارادان. لەم ڕوانگەیەوە، مۆرفۆلۆژی دوو ئەرکی سەرەکی دەگێڕێت، ئەوانیش ئەرکی وشەدروستکردن و ڕۆنانی وشەکانە، چونکە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمهێنانی لێکسیمی نوێدا دەکات، هەروەها ئەرکی گەردانکردن دەبینێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ فۆرمە جیاوازەکانی تاکە وشەیەک دەکات بۆ گەیاندنی واتای ڕێزمانی جیاواز.

٢-٥ پڕۆسەکانی وشەڕۆنان لەلایەن چەند زمانەوان و نووسەرێکی کوردەوە

زمانەوانان و شارەزایانی بواری وشەڕۆنان چەندین پرۆسە و ڕێگای ڕۆنان و دروستکردنی وشەیان دەستنیشان کردووە، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم پۆلێنکردنانەدا تارادەیەک هاوبەشی و جیاوازی لە ژمارە و جۆری پرۆسەکان بەدی دەکرێن، ئەمەش پەیوەست بە دیدگای جیاوازو پەیڕەوکردنی یەکێک لە ئاراستە زمانەوانییەکان، ئەم جیاوازی و پەیکاڵبوونەیان هەم لە ناونان و هەم لە ژمارەی پرۆسەکان بوونیان هەیە، سەرباری ئەمەش بەشێک لە جۆرەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە خودی بابەتی وشەڕۆنانەوە هەیە، هەندێکیشیان لە دەرەوەی بازنەی وشەڕۆنانەوە دەبینرێن. بۆ ئەم مەبەستەش بە گونجاو دەزانرێت وەک کارئاسانی هەوڵی زمانەوانە کوردەکان لە خشتەیەکدا بخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١)

خشتەی بەرجەستەکردن و خستنەڕووی پرۆسەکان لای زمانەوان و نووسەرە کوردەکان

| زمانەوان | ساکار ئەنوەر ٢٠٠٩ | محەمەد مەحوی ٢٠١٠ | نەرمین عومەر ٢٠١٠ | سەعید کەرەمی ١٣٨٨ | شێروان حوسێن ٢٠١٢ | عوسمان کریم ٢٠١٤ | سەلاحەددین ٢٠١٥ هێمن | نسار فتاح ٢٠١٥ | حاتم ولیا ٢٠١٩ | سۆزان سەعدوڵلا ٢٠١٩ | وریا عومەر و سەردار ٢٠٢٠ | دەریا حەمەد ٢٠٢٣ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆدی پرۆسەکان | | | | | | | | | | | | | ت |
| لێکدان | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | ١٢ |
| دارشتن | + | + | + | - | + | + | + | + | + | + | + | + | ١١ |
| گیرەکاندن | - | - | + | + | - | - | - | - | - | - | - | - | ٢ |
| گۆڕین | + | + | + | + | + | + | - | - | + | - | - | + | ٨ |
| وەگەڕاو | + | + | + | - | - | - | - | - | + | + | - | - | ٥ |
| بڕین | + | + | + | + | - | + | + | + | + | + | - | - | ٩ |
| تێکەڵکرد | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | ١٢ |
| سەرەوشە | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | + | ١٢ |
| فرەپرۆسە | - | + | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ١ |
| دوبارە | - | - | - | + | + | - | - | + | - | + | + | + | ٦ |
| وەرگرتن | - | + | - | - | + | + | + | - | - | + | + | - | ٦ |
| سینتاکس | - | + | - | - | + | - | + | - | + | - | - | - | ٤ |
| گەردانی | - | - | + | - | - | - | - | - | - | - | + | - | ٢ |
| داهێنان | + | + | - | - | + | - | - | + | - | - | - | + | ٥ |
| پێکنووسا | - | - | - | + | - | - | - | - | - | - | - | - | ١ |
| بزوێن | - | - | - | + | - | - | - | - | - | - | - | - | ١ |

| گۆڕین | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەلفوێی | - | + | - | - | + | - | - | - | - | - | - | + | ٣ |
| لێکرژاو | - | - | - | - | + | - | - | - | - | - | - | + | ٢ |
| میتافۆر | - | - | - | - | + | - | - | - | - | - | - | - | ١ |
| ژمارەی پرۆسەکان | ٨ | ١٢ | ٩ | ٩ | ١٢ | ٧ | ٧ | ٧ | ٨ | ٨ | ٧ | ٩ | |
| سەرچاوە (Reference) | ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ١٢ -٥١ | محەمەدی مەحوی، ٢٠٢١: ٩٨ - ١٦١ | ئەرمین عومەر ئەحمەد ٢٠١٠: ٢٧ - ٦٤ | سەعید سەعید کەرەمی،١٣٨٨: | شیروان حوسێن حمد ٢٠١٦: ١١٧ -١٣٧ | عوسمان کریم: ٢٠١٤: ٢٢ -٢٧. | هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، ٢٠١٥: ٢٤ – | نسار فتاح. ٢٠١٥: ١٢٩ - ١٣٢ | حاتم وليا، ٢٠١٩: ١٣١ - ١٤٧ | سۆزان سەعدلّلا عبدلغنی، ٢٠١٩: ٦٨ -٨٧ | Sardar Abdulmajid Abdullah, Waria (2020), Omer Amin | دەریا سایر حەمەد، ٢٠٢٣: ٥٣ -١٨٨ | |

٢-٦ پرۆسەکانی وشەڕۆنان لەسەر بنەمای بەبەرهەمی و بێبەرهەمی

بەبەرهەمی بەگشتی ڕەهەندێکی فراوانی هەیە، لەپێناو داهێنانی ژمارەیەکی دیارینەکراو، کە پەیوەندی بە گشت زانست و بوارەکانی ژیانەوە هەیە و وابەستە نییە بە زانستێکی دیاریکراو، بەڵام لە زماندا بەبەرهەمی پێویستە وابەستە و تایبەتمەند بێت بە بواری زمانەوانییەوە و بڕیار لەسەر ڕێژەی بەبەرهەمی لە زماندا بدرێت. (فاسۆلد) دەربارەی بەبەرهەمی دەڵێت: "تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی زمانی مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتواندرێت ژمارەیەکی بێکۆتا لە مانای نوێ، بە لێکدانی ئەو فۆرمانەی لە زمانەکەدا هەن، بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمانەکە ڕۆبنرێن" (Fasold, 2006: 512). لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەکی بێسنووری بەبەرهەمی لە واتا و وشەی نوێ دەکات. کەواتە بەبەرهەمی لە زماندا، کە بەشێوەیەکی سروشتی مرۆڤ هەیەتی لە کردەی لێکدان و خستنەپاڵی دانەکانی زمان لە سەرجەم ئاستە جیاوازەکاندا بەپێی چەند یاسایەکی تایبەتی، بەڵام مەرج نییە سەرجەم ئاستەکان لە زمانێکدا ڕادەی بەبەرهەمییان وەکیەک بێت، واتە دەگونجێ ئاستێکی زمان لە ئاستێکی تری زمان بە بەرهەمتربێت، یان کەم بەرهەمتربێت، یاخود لە یەک ئاستدابن. سەبارەت بە ئاستی مۆرفۆلۆژیی ئاماژە بەو توانایە دەکات، کام وشانە، کام گیرەکانە، یاخود کام یاسا و پرۆسەی وشەڕۆنان چالاک و بەبەرهەمن؟ کامانەش سست و کەمبەرهەمن؟

دەستنیشانکردنی پلەکانی بەرهەمداریی پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یان پێکهاتەو یاسایەکی ئەم ئاستە، پەیوەستە بە ڕادەو ڕێژەی بەبەرهەمی ئەو پرۆسەیە، یان ئەو یاسا مۆرفۆلۆژییەی کە بەکارهێنانێکی زۆری هەیە، یاخود کەم بەکاردێت، یان بەکارهێنانی دەگمەنە لەو زمانەدا. پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کە "چەمکی بەرهەمداریی چەمکێکی ڕەها نییە، بەڵکو دەشێ بە زۆر و کەمی پلەبەندی بکرێت، بۆ نموونە بگوترێت زۆر بەرهەمهێن و کەم بەرهەمهێن" (سەعید کەرەمی، ١٣٩٦: ٤٦)، لەبەرئەوەی بەرهەمداری چەمکێکە بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان گۆڕان لە یاسایەک، یاخود پرۆسەیەک



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

بەدی دەکرێت، ئەم پەیپێبردنەش پلەبەندی دەنێتەوە لە نێوانیاندا، کە گۆڕان بەسەر پرۆسەکان دادێت، دەشێ ئەم پێوانە بەرهەمدارییە لە هێلکارییەکەوە دابڕێژرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

هێلکاری ژمارە (٢)

پلەکانی بەرهەمداری مۆرفۆلۆژیی




بە دۆزینەوەی پلەی بەبەرهەمی و خستنەڕووی هۆکار و ئاستەنگەکانی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا تا ڕادەیەکی باش دەکرێت پرۆسە بەبەرهەم و بێ بەرهەمەکان پلەدار بکرێن، ئەمەش لە پرۆسەیەکەوە بۆ پرۆسەیەکی دیکەوە جیاوازە. ئەم پلەبەندییەش لای هەندێک زمانەوانان تەنها ئاماژە بە دوو ئاراستەیی کراوە، کە (بەبەرهەمی و بێ بەرهەمی) دەگرێتەوە.

- بەبەرهەمی (Productivity)

بەبەرهەمی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستی توێژەراندان، هەروەها مەودایەکی فراوانیشی- لە توێژینەوەکاندا داگیرکردوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە سەرچاوەکاندا ڕای جیاواز لەبارەی وشەی بەبەرهەمی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ببینرێت، بۆ نموونە هەندێک لە توێژەران پێیانوایە پێشگر و پاشگرەکان یاخود پرۆسەی گیرەکلکاندن بەبەرهەمە و دەوری لە سازکردنی وشەدا زۆرە، هەندێکیشیان ڕایان وایە یاساکان بەبەرهەمن، بەشێکی کەمیش بۆچوونیان وایە، کە ئەوە وشەکانن بەبەرهەمن، لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانەشدا هەندێکی تریان دەڵێن بەبەرهەمی سیفەتێکی گشتی سیستەمی زمانە (مستەفا ڕەزا مستەفا، ٢٠١٩: ٣١). هەروەها (بایەر) بەکورتی دەربارەی بەبەرهەمی دەڵێت: "بەبەرهەمی لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا توانای فرەجارییانە" (Bauer, 2004: 98).

کاتێک بە گیرەکێکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی دەوترێت بەبەرهەم، یان (پڕبەرهەم)، ئەگەر بەشێوەیەکی چالاکانە لە دروستکردنی وشەی نوێدا بەکاربهێنرێت، ئەوا وا دادەنرێت، کە ئەم پرۆسەیە بەهەمەدارە (مستەفا ڕەزا مستەفا، ٢٠٢١: ٤٢- ٤٣). لەم باسەی کە ئاماژەی پێدرا و دەردەکەوێت، کە بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژی کاتێک دێتە ئاراوە، کە ژمارەیەکی زۆر وشەی نوێ بەرهەم بهێنرێت، ئەمەش بە هۆی ئەو یاسایانەوە دەبێت، کە لە مۆرفۆلۆژی زمانەکەدا توانای بەرهەمهێنانی وشەی نوێیان هەیە، بەتایبەتی یاساکانی وشە دارشتن و وشە لێکدان، یاخود هەر پرۆسەیەکی فرەجاری بێت لە بەکارهێنانی وشەی تازە، یان لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، بەپێی توانست و پێویستی ئاخێوەری زمان وشەی نوێ بەرهەمدەهێنێت.

- نیمچە بەرهەم (semi productivity)

ئەم پلەیەیان بە بەراورد بە پلەی پڕبەرهەم و پلەی بێبەرهەم، ڕێژە و توانای بەرهەمێنانی وشە و زاراوەی نوێ سنورداەرو فریکوێنسی- بەرهەمهێنانی لە یەکەم کەمترەو لە دووەم زیاترە، وەک لە هێلکاری پلەکانی بەرهەمداری مۆرفۆلۆژیی ئاماژەمان پێداوە، لەڕووی ژمارە و چالاکی لە هێنانەبەرهەمی وشەی تازەوە لە نێوان هەردوو پلەکەدا دەوستێت، واتە بەرهەمی ئەو پرۆسەیە دەگرێتەوە، بە گوێرەی

سەردەم و قۆناغێکەوە بەهەر هۆکار و بەربەستێکی زمانەوە ڕێژەی بەرهەم و چالاکی ئەم پرۆسەیە سنووردار کراوە، هەر لەم ڕووەوە (Haspelmath) بەم شێوەیە لێی دەدوێت: " هەندێک یاسای سادەمان هەیە، ناتوانین بە شێوەیەکی ڕوون بڵێین سنووردارەو بەرهەمدارییەکەشی سنووردار دەکرێت" (Haspelmath, 2002: 115).

- بێبەرهەمی (unproductive)

پرۆسەکانی وشەڕۆنان لە مۆرفۆلۆژیدا لە یەک ئاست وپلەدا نین، بەڵکو هەندێکیان دەوریان لە مۆرفۆلۆژیدا زۆرە و هەندێکیشیان دەوریان لاوازە و لە بازنەیەکی تەسکدا وشە سازدەکەن، وەک پرۆسەی (دوپارەکردنەوە، تێکەڵکردن، ...). کەواتە پرۆسەی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا بەبەرهەم ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسەیە بە پێچەوانەوە بوو و بەکار نەهات، یاخود زۆر کەمبووەوە لە بەکارهێنانی وشەدا، ئەوا پێی دەگوترێت بێبەرهەم یان (کەمبەرهەم)، ئەگەر لێیان بڕوانین لە بازنەی تاکە پرۆسەیەکیشدا بەکارهێنانی گیرەکێک، یاخود مۆرفیمێک جیاواز دەکەوێتەوە. ئەگەر مۆرفۆلۆژی بە نموونە وەربگرین لە زمانی کوردیدا دەبینین لە پرۆسەی دارشتندا چەند پاشگرێکمان هەن، وەک ( -/ گار / ، -/ جار / ، -/ ھ مەنی /، ...هتد )، لە ئێستای زمانی کوردیدا بەبەرهەمیان ئەگەر بەیەکجاریش نەمابێت، ئەوا زۆر کەمبوەتەوە و دەکرێ لە نموونەی پاشگرە بێ بەرهەمەکان ئەژماریان بکەین. هەروەها لە پرۆسە ڕێزمانییەکانی، وەک کۆکردنەوەی ناو بەهۆی پاشگرەکانی (هات، وات، جات، ھ ها، یەها، ...)، بەرانبەر بەبەرهەمی مۆرفیمێکی وەک-/ ان/ ی کۆ ئەوا بەرهەمیان زۆر کەم و سنوردارە، دەکرێ وەک مۆرفیمی بێ بەرهەم ئەژماریان بکەین (مستەفا ڕەزا مستەفا، ٢٠١٩: ٤٤).

کەواتە، پرۆسە و یاسا مۆرفۆلۆژییەکان ڕێگای زۆرمان بۆ پێکهێنانی وشە و زاراوەی نوێ هەر لەو وشانەی کە لە گەنجینەی زمانەکەدا هەیە، والادەکەنەوە. تێڕوانین و ڕوونکردنەوەی لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و دیاریکردنی توانا و سنووری پرۆسەکانی وشەڕۆنان لە هەر زمانێکدا، لەسەر بنەمای ڕێژەی بەرهەمهێنانی وشەکان لە ڕێگەی ئەو پرۆسانەی، کە بەکارهاتوون مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەم پرۆسانەش لە مۆرفۆلۆژی لە یەک ئاست و پلەدا نین. دەشێ لەو ڕێگەوە لە چوارچێوەی زمانی ئامانج پۆلین بۆ پرۆسەکان بکەن. بەو پێودانگەوە کاردەکەن بۆ وەڵامدانەوەی، کە کام پرۆسە بەرچاوانە بەکاردێت؟ کامیان ئاراستەی بەرهەمهێنانی بەرەوە کەمی دەچێت؟

٢-٧ پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە ڕوانگەی (کۆرتمان)ەوە

ئەگەر سەرنج بدرێتە خستنەڕووی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان؛ پۆلێن و دابەشکردن و دیدگای تازەو ئاراستەی جۆراوجۆر لێ بەدی دەکرێت، کە ناشێت گشت تێڕوانینەکان بخەینەڕوو، بە ووردبوونەمان لەو پۆلێنانەی ئەم دواییانە، کە یەکێکیان (کۆرتمان)ە، لەم بوارەدا کارێکی ناوازەی ئەنجامداوە، باس لەوە دەکات، کە ڕۆنانی وشە پەیوەندی بەو پرۆسەیەوە هەیە، کە مۆرفۆلۆژی و بنیادی وشەکانی زمانێک فراوانتر دەکات، هەروەها جۆرەکانی پرۆسەی وشەڕۆنان بە ئاراستەی پڕبەرهەم ( high productivity)ی و کەم بەرهەم (low(er) productivity)ی لە هێڵکارییەکدا دابەش دەکات، بەم شێوەی خوارەوە:

هێڵکاری ژمارە (٣)

**پرۆسەکانی وشەڕۆنان لەلایەن (کۆرتمان)ەوە:**

**پرۆسەکانی وشەڕۆنان**
(Word formation processes)

پڕبەرهەم
(high productivity)

کەم بەرهەم
low(er)
(productivity)




Picture: Word formation process (Kortmann, 2020)

ئەوەی لێرەدا زیاتر پێویستە بخرێتەڕوو، بەبایەخەوە لێی بڕوانرێت، دەرخستن و بەدەستهێنانی جۆر و ژمارەی پرۆسەکانە، بۆ ئەم مەرامەش پێویستە بیر لە پەیڕەوێک بکرێتەوە، کە نوێنەرایەتی هاوبەشی نێوان پرۆسەکان مسۆگەر بکات، پرۆسەی مۆرفۆلۆژی؛ کە پرۆسەکانی (لێکدان، داڕشتن، گۆڕین) ئەمانە لە دابەشکارییەکەدا بە پرۆسە پڕبەرهەمەکان دانراون، هەروەها پرۆسەکانی (دروستکردنی وەگەڕاو، بڕین، تێکەڵکردن، سەرەوشە، بەئەلفوبێکردن) ئەم پرۆسانەش، کە بە کورتکردنەوەکان (Shortening) دانراون، لە چوارچێوەی پرۆسە کەم بەرهەمەکان هەژمار دەکات. لە خانەی پرۆسە کەم بەرهەمەکان ئاماژە بە پرۆسەی دیکە (Other Processes) دەکات، دەشێ لە ڕێگەی ئاوەڕدانەوە لە (هەوڵەکانی پێشوو لە زمانی کوردی)دا، کە بە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو، پێنج جۆری دیکەوە بکەین بە بنەمای پرۆسە گریمانکراوەکان، کە ئەوانیش بریتیین لە (دوبارەکردنەوە، وەرگرتن، فرەپێواژۆیی، وشەڕۆنان لە ڕێگەی سینتاکس و داهێنان)نن. کە وەک گریمانە، هەربۆیە دەخرێتە بازنەی ژمارەی پرۆسە هاوبەشە گریمانەکراوەکان، بەمەش ژمارەی پرۆسەکان دەبن بە (١٣) سێزدە پرۆسەی مۆرفۆلۆژی.

**پاساوی پەسندکردنی پرۆسەکانی لە ڕوانگەی (کۆرتمان) لەباری جێبەجێکردندا**

١ – لە پۆلێنکردنی ئەم هێلکارەیەدا، بەرهەمداری پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی گرێدراوە بە فریکوێنسی- و چالاکی ڕێژەی بەکارهێنان و بەشداریکردنی لە سازکردنی زاراوەو وشەی نوێباو و سستی پرۆسەکە لە جێبەجێکردنی لەسەر زمانی ئینگلیزی پراکتیزە کردووە، دەشێت وەک گریمانە لە هەر زمانێکیتردا ئەوەی لێ چاوەڕوان بکرێت.

٢ – لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانەی هەندێک پرۆسەی وشەڕۆنان ناتوانرێت بە ئاسانی ڕێژەی بەرهەمداریان دەستنیشان بکرێت، لەم پۆلێنەدا هەوڵدانە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پرۆسانەی کە بەر بازنەی بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیانە دەکەون، هەروەها بە ڕاشکاوانە ئاماژە بە هەندێک پرۆسە دەکات، کە لە سازکردنی وشەڕۆناندا سست و کەم بەرهەمن، کەواتە دەبێتە داپۆشەری گشت پرۆسەکان، چونکە شێوازی بەرهەمداری لە نێوان دوو جەمسەردا ڕادە و فرەجاری دیکە دەنوێنرێن، لەم دابەشکردندا گومانی زیاتر لە دوو ئاراستەی بەرهەمهێنانی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

٣ – دوای سەرنجدان لە جۆرەکانی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، لەلای هەندێک زمانەوانان؛ چ ئەوانەی لەسەر زمانی کوردی دواون، چ ئەوانەی دەرەوەی زمانی کوردین، لە دانان و ڕیزکردنی جۆری پرۆسەکان جیاوازی لە نێوانیان بەدی دەکرێت، بەڵام لە پۆلێنکردنیاندا، هەندێکیان وابەستەی تیۆرێکن لە جێبەجێکردندا، هەندێکیشان پشتیان بە هیچ بنەمایەک و مۆدیلێکی دیاریکراویان نەبەستووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی پۆلێنی پرۆسەکانیان کردووە، کە ئەمەش ناڕوونی و کێشەی جۆری پرۆسەکان و

دانپێدانیان وەک پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئەستەمە، بەڵکو لە هەندێک باردا کێشمەکێشمی هێناوەتە ئارا، پشتبەستن بەم شێوە تەرزە تاڕادەیەک گرفتەکە کاڵ دەکاتەوە؛ دەتوانرێت لە خودی جۆرەکان پۆلێنێکی تر و دابەشکردنێکی دیکە بۆی ئەنجام بدرێت، کە ببێت بە بنەمای تیۆرێکی پێشبینیکراو بۆ ئایندەی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی، چونکە لە هێلکاریەکەدا سنووری دابڕی دانانەوە. کە بە (پرۆسەی دیکە/ Other Processes) ڕێگای والادەکاتەوە، بۆ ئەو پرۆسانەی، کە بەپێی زمانەکان لە ئارادان.

٤- لێکدانەوە و شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانە بۆ ڕۆنانی وشە دەشێ هەم لەڕووی چەندێتییەوە، هەم لەڕووی چۆنێتییەوە توێژینەوە و پشکنینی لە بارەیەوە بکرێت، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیە پەیڕەو دەکرێت، شێوازی جێبەجێکردنی پتر بەرەو لایەنی دارشتەی و دوور لە فرەجاری و هەوڵدان بۆ خستنەڕووی چالاکبوون و سستبوونی پرۆسەکان لەڕووی چەندێتییەوە، هەروەها هەوڵدان بۆ خستنەڕووی ڕێژەی پەیرەوکردنی پرۆسەکان، گریمانەی زانینی پرۆسە بەکارهاتووەکانی زمانی کوردی و بەتایبەتی لە دابینکردنی زاراوەکانی پرۆگرامەکانی خوێندندا، ئەم دابەشکردنەی پرۆسەکان لای کۆرتمان توانای بەراوردی دوولایەنەی پرۆسە بەدەستهاتووەکان دەبەخشێت، ئەمەش لە پێناو دۆزینەوەی ژمارەیەک لە پرۆسەکان، کە شیانی ئەوەیان هەبێت، یاخود گریمانەی ئەویان لێ بکرێت، کە لە بەشی پراکتیکی سوودیان لێوەربگیرێت.

٣- شیکردنەوەی ئەدگارە وشەڕۆنانییەکانی زاراوەی زانستی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا (لە دەستپێکەوە تا ١٩٥٨ز)

زاراوەسازیی زانستی لە زمانی کوردیدا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم دوای ئەوەی لە باشوری کوردستان خوێندن بە زمانی کوردی دەست پێ دەکات. لە سەرەتادا چەند کتێبێکی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە زانستییەکان لە زمانی عەرەبییەوە تەرجەمەی زمانی کوردی دەکرێن، کە ئەوسا زمانی زانست بە کوردی زمانێک بوو لە سەرەتای ڕێڕەوەکەیدا بوو. ئەم ڕەوتە سەرەتاییە هەتا بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ بەردەوام دەبێت. لەم باسەدا وەک هەنگاوی یەکەم (٤٣) پرۆگرام (گشتیان سەرەتایی) لەخۆ دەگرێت، لە کۆی پرۆگرامەکاندا تەنها (٩) پرۆگرامی زانستی لە بابەتە زانستە پەتییەکان بەکارهێنراون، ئەمەش لەپێناو چۆنییەتی شیکردنەوە و گەیشتن بە داتای دروستی وشەڕۆنانیانەی زاراوەی زانستی نێو ئەم پرۆگرامانە و دەرخستنی هەنگاوەکانی ڕەوتی زاراوەسازی لەو کاتەدا.

**٣-١ زاراوەی زانستی لە کتێبی (دەرسی ئەشیا) ساڵی ١٩٢٨دا**

ئەم کتێبە لەلایەن (ساطع الحصری) دانراوە، کە بۆ پۆلی چوارەمی پرۆگرامی خوێندن بووە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە لایەن عبدالله عزیز بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە. تێیدا باس لە چەند بابەتێکی زانستی دەکات، وەک دۆخەکانی ماددە و هەوا و پەستانی هەوا، جۆری خاک و چەندین بواری کشتوکاڵ و خواردەمەنی و تەندروستی گشتی لەخۆ دەگرێت.

خشتەی ژمارە (٢)

بەکارهێنانی زاراوەی زانستیی کتێبی (دەرسی ئەشیا ١٩٢٨)دا

| زاراوە | لاپەڕە | بەواتایی | پرۆسە | شێوەی ڕۆنانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| پالەپەستۆی هەوا | ١٣ | ضغط هواء | فرەپرۆسە | سینتاکس (پال+ ە + پەستۆ) لێکدان+ ی (خ) + هەوا). | |
| هەڵمی | ٧ | تضيق بخار | فرەپرۆسە | سینتاکس(هەڵم+ ی (خ) | |


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پەستیوراو | | | | + پەستیوراو(داڕشتن)). | |
| بەتالكەری هەوا | ١٥ | مخلیة هواء | فرەپرۆسە | سینتاكس ((بەتال+ كەر (لێكدان)+ ی (خ) + هەوا). | |
| هاتوچۆی با | ٢٥ | هیوب الریاح | فرەپرۆسە | سینتاكس (هات+ و+ چۆ (لێكدان)+ ی (خ)+ با | |
| بەرزایی | ٢٦ | فضاء | داڕشتن | بەرز + ایی | |
| خەتی چەماوە | ٤٤ | خطوط منحنیة | فرەپرۆسە | سینتاكس (خەت (وەرگرتن) + ی (خ) + چەماوە). | خەت (وەرگرتن) ز. عەرەبی |
| خواردەمەنی | ٥٤ | غذاء | داڕشتن | خوارد + مەنی | |
| مەكتەب | ٣ | مدرسة | وەرگرتن | | ز. عەرەبی |
| تەرك كردن | ٦ | الترك | فرەپرۆسە | تەرك(وەرگرتن) + كردن لێكدان | تەرك(وەرگرتن) ز. عەرەبی |
| دەزولە | ٩٣ | الیاف | داڕشتن | دەزو + لە | |
| ئوكسجین | ٥٤ | مولد الحموضة | وەرگرتن | | ز. ئینگلیزی |
| ئازوت | ٥٤ | ٤/٥ هەواكەی دی | وەرگرتن | | ز. ئینگلیزی |
| واستەی رووناكی | ٤٨ | واسطە تنویریة | فرەپرۆسە | سینتاكس (واستە (وەرگرتن) + ی+ رووناكی | وەرگرتن ز. عەرەبی |
| ماكینەی دروێنە | ٣٣ | دراسة | فرەپرۆسە | سینتاكس (ماكینە (وەرگرتن) + ی+ دروێنە | (ماكینە) وەرگرتن |
| كتێب | ٣ | الكتاب | وەرگرتن | گونجاندن | ز. عەرەبی |
| پرۆگرام | ٣ | المنهج | وەرگرتن | (غ) كاریگەری ز. توركی | ز. ئینگلیزی |
| داخیل كردن | ٦ | دخل | فرەپرۆسە | (داخیل (وەرگرتن)+ كردن لێكدان | (داخیل) ز. عەرەبی |
| دەفتەر | ٦ | دفاتر | وەرگرتن | گونجاندن | ز. عەرەبی |

ئاماری پرۆسە بەرجەستەكانی خشتەی ژمارە (٢):

| ناوی پرۆسەكە | لێكدان | داڕشتن | گۆڕین | وەگەڕاو | بڕین | تێكەڵكردن | سەرەوشە | بەئەلفوبێكردن | فرەپێواژووی | دوبارەكردنەوە | وەرگرتن | ڕێگەی سینتاكس | داهێنان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | - | ٣ | - | - | - | - | - | - | ٩ | - | ٦ | - | - |

**٣-٢ زاراوەی زانستی لە كتێبی (حیساب) ساڵی ١٩٢٨دا**

کتێبی حیساب بۆ پۆلی چوارەمی پرۆگرامی خوێندن، لە ساڵی ١٩٢٨ لە بەغداد، کە لەلایەن نوری بەرزنجی و فتاح بەرزنجی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە. تێیدا باس لە چەند بابەتێکی بیرکاری دەکات، کە لە ١٨٧ لاپەڕە پێکهاتووە، بە هۆی ئەوەی کە یەکەم کتێبە دەربارەی زانستی بیرکاری بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، بۆیە زاراوە و دەستەواژە زانستییەکانی هەر بە زمانی عەرەبی بەکارهاتوون، لە پاڵ زمانە عەرەبییەکەدا هەوڵیداوە چەند زاراوەیەکی کەم بە کوردی بکات.

خشتەی ژمارە (٣)

بەکارهێنانی زاراوەی زانستی کتێبی (حیساب) ١٩٢٨

| زاراوە | ژ. لاپەڕە | بەواتای | جۆری پرۆسە | شێوەی ڕۆنانی | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ژمارە | ٤. ٦، ... | رقم | دارشتن | ڕەگی(ژماردن) + ە | |
| بەرزی | ٨ | أوج | دارشتن | بەرز + ی | |
| نێوەنجی | ١٩ | معدل | دارشتن | نێوەن + جی | |
| ژمارەی ڕێکخستنی | ٢٦ | رقم الترتيبي | فرەپرۆسە | سینتاکس (ژمار+ ە) دارشتن + ی(خ)+ ڕێکخستنی | |
| وەرزە | ٣٣، ... | رياضيات | دارشتن | وەرز + ە | |
| ماوە | ٣٣، ... | بعد (فاصلة) | گۆڕین | | |
| لێکدان | ٧٧. ... | ضرب | لێکدان | لێک(لەیەک) + دان | گونجێنراوە |
| پلە | ٦١، ... | درجة | فرەپرۆسە | دارشتن، گۆڕین | |
| پانی | ٣٤، ... | عرض | دارشتن | پان + ی | |
| کۆی | ١٧، ... | مجمع | دارشتن | کۆ + ی | |
| پاوان | ٣٦ | مجال | گۆڕین | | |
| ٣/٤ سێ چارەکی | ١٢٣ | سێ لەسەر چوار | فرەپرۆسە | لێکدان (سێ + (چوار + ەکی) دارشتن). | |
| ١/٤ چواریەک | ١٢٤ | یەک لەسەر چوار | لێکدان | چوار + یەک | |
| بەری | ٦٥ | ابتدائي | دارشتن | بەر + ی | |
| قولی | ٨ | عمق | دارشتن | قول + ی | |

ئاماری پرۆسە بەرجەستەکان خشتەی ژمارە (٣):

